# پێوەندی هەولێری سازمانی خەبات سەردانی بەڕێز شێخ ئەدهەم بارزانی کرد



شاندێکی دەفتەری پێوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە هەولێر کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان: بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لێپرسراوی پێوەندی و عەلی بەهرامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی سەردانی کەسایەتی و ئەندامی پارلمانی کوردستان، بەڕێز شێخ ئەدهەم بارزانیان کرد.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باس لە هەل و مەرجی سیاسی و ڕووداوەکان لە هەرێمی کوردستان و کوردستانی ئێران کرا.

# بەڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی ٨ی مارس لە بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات









ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٧، کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، ڕێ و ڕەسمێکی ووتار خوێندنەوە و ئاهەنگیان وەڕێ خست.

لەو ڕێ و ڕەسمەدا، ژمارەییێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سازمان و ئافرەتانی ریزەکانی سازمان بەشدار بوون کە لە سەرەتادا خوشکە شیلان محەممەدی بە ناوی خودای گەورە مەراسمەکەی دەست پێ کرد و بەخێرهاتنی ئامادە بووانی کرد و بە خوێندنەوەی شێعر و پەخشان مەراسمەکەی درێژە پێ دا.

هەروەها خوشکە زێنەب حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی ئافرەتان، پەیامی کۆمیتەی ئافرەتانی خوێندەوە.

کاك کامیل نوورانی فەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمان، پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی ٨ی مارس خوێندەوە.

مەراسمەکە بە خوێندنەوەی شیعر و ئاواز درێژەی کێشا و لە دواییدا، کێ بڕکێی بەپرسیار و وەڵام لە نێوان دوو دەستە لە ئافرەتان بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێ و ڕەسمە بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ کۆتایی پێ هات.

***

# پەیامی کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و ساڵی نوێ

هاونیشتمانانی تێکۆشەر!

کەس و کاری شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان!

ئەوە نەورۆز جێژنی نەتەوەیی کورد و ساڵی نوێی کوردی و وەرزی بەهار و ژیانەوەی سرووشت و دار و گوڵ و گوڵزار هاتەوە و بە توانەوەی بەفر کۆتایی وەرزی سەرما و مانگی ڕەشەمە، دڵانی سیس زەنوێر دەبنەوە و هیوا بە ژیان و هومێد بەخەبات و کوڵنەدان لەبەرانبەر دەسەڵاتی ستەمگەر زیاتر دەبێ.

جێگەی داخە خۆشی و شادی بەبۆنەی هاتنی وەرزی بەهار و نوێبوونەوەی ساڵ بەهۆی دەسەڵاتی بەدفەساڵ و دزێو، تام چێژی خۆی نیە. ئەو ستەمگەرانەی ژیانیان لە خەڵکی ئارەزوومەند بە ئازادی تاڵ کردووە و بێداد و شکەنجە و ئێعدامیان کردوەتە دیاردە و کردەوەییێکی سەرەکیی ڕۆژانەیان، لەگەڵ ئەوانەش فەساد و گرانی و بێکارییان لە ئێرانێکی دەوڵەمەند و خاوەن کانزای سرووشتیی زۆر، پەرە پێداوە.

باس کردن لە ستەم و بێعەداڵەتیی دەسەڵاتی ئاخوندان و شێواندن و داڕماندنی بناخەی ئابووریی ئێران و ئێعدام و شکەنجەی لاوان و ئازادیخوازان، زۆری لەسەر گوتراوە و نووسراوە و کەم کەس هەیە لەو ڕاستیە تاڵانەی بەسەر گەلانی ئێراندادێ، ئاگادار نەبێ. بەبۆنەی ئەو ڕاستییانەی لەشێوەی حوکمڕانیی بێبەزەییانەی ئاخوندان دەبیندرێ، ڕاستی و خاوەن حەق بوونی خەبات ی ئازادیخوازیی گەلی کورد و گەلانی ئێران لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتە و نگریس و دواکەوتووە بەباشی خۆ دەنوێنێ و هیچ مرۆڤێکی خاوەن هەست و تێگەیشتوو ناتوانێ نکۆڵی لە ڕەوایی ی شۆڕشی گەلانی ئێران و، ستەمگەریی و دڕندەیی ی دەسەڵاتداریی ویلایەتی فەقیە بکا.

بێگومان هەر لێدوان و هەڵوێستێك لە دیفاع لە ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی، بە لێدوان و هەڵوێستی ناتەواو و ناڕاست و بێبناخە دەژمێردرێ و لە بەرانبەریشدا هەر هەڵوێستێك بۆ پشیوانی و دان نان بە مەشرووعیەت و ڕەوایی ی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی درکاندن و دەرخستنی ڕاستیە، جێگەی بایەخ و تەقدیری گەلانی ئێران بە تێکڕا دەبێ.

گومان لەوە دانیە ستەمگەر، ستەمگەرە و دژمنی نەتەوەی کورد هەر یەکە و ناکرێ دەسەڵاتە دژی مرۆڤ و دژی ئازادیەکان جیاوازییان لەنێواندا داندرێ.

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

خانەوادەی شەهیدانی سەربەرزی سازمانی خەبات!

پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆز و تێکۆشەری سازمان لە ناوخۆی کوردستان!

جارێکی دیکە بەم بۆنە پیرۆزە پێتان ڕادەگەیێنینەوە، سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران وەك هەمیشە، پەرچەمداری خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی لەبەرامبەر ڕژیمی نگریسی ئاخوندیدا دەبێ و تا ڕووخانی ئەو ڕژیمە و هاتنە دیی ئاواتەکانی گەلی کورد و گەلانی ستەملێکراوی ئێران و دەستەبەرکرانی دەسەڵاتێکی دیموکراتیك و پارلمانی، درێژە بە تێکۆشان و کۆڵنەدان دەدا و باوەڕی وایە تا ڕژیمی ئاخوندی بە تێکڕای باند و دەستەکانیەوە لەسەر دەسەڵاتی ئێران بمێنن، ئازادی و دامەزراوی ڕوو لە ئێران ناکا.

هەر بۆیە هێزە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران بێجگە لە هاوکاری و یەکگرتوویی، ڕێگەییێکی دیکەیان نیە و دەبێ پشت ئەستوور بن بە پشتیوانیی بەرینی جەماوەر کە بێگومان بەبوونی یەکێتی و تەبایی لەناو ریزەکانی خەڵکی ئێران و هێزە شۆڕشگێڕەکان، ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی حەتمی دەبێ و ئازادیش دابین دەبێ.

لەگەڵ هومێد بە گەییشتن بەو ڕۆژە و گرتنی جێژن و شادی بەبۆنەی ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی کە جێژنی گەورەی نیشتمانی دەبێ کە ئەوکات نەورۆز و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بایەخ و خۆشیی زیاتریان دەبێ.

لەگەڵ سڵاو و ڕێز و پیرۆزبایی بۆ زینداانیانی سیاسی و کەس وکاری خۆڕاگریان و تێکڕای خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی.

کومیتەی ناوەندی
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
***

# بەشداری کۆمیتەی سویسی سازمان لە ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵە

ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٢/٢١ کۆمیتەی سویسی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەشداری کرد لە ٣٩ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.

شاندی کۆمیتەی سویس لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕێ و ڕەسمەکە بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

لەو مەراسمەدا ژمارەییێك بروسکە خوێندرانەوە کە پەیامی



کۆمیتەی سویس لەلایەن کاك ئازاد حوسێن زادەوە خوێندرایەوە.

***

# دەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و جەنگی باندەکانی ڕژیم



هەر لە ئێستاوە بە شێوەی نارەسمی پروپاگەندەی تەبلیغی باندەکانی ڕژیم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری دەستی پێ کردوە و، هەرکام لە باندەکانی ڕژیم و پاڵێوراوەکانیان، هەوڵ دەدەن لە هەر هەلێك کەڵگ وەرگرن بۆ وەڕێ خستنی پروپاگەندە بە قازانجی خۆیان. دیارە لە سەر ئەو پروپاگەندانەی کە دەکرێن، گلە و گازەندە و ڕخنەی باندەکان لە یەکتر دروست دەبێ بە تایبەت باندی دەسەڵاتدار لەگەڵ ئەوەی بۆ خۆیان لە هەر هەلێك کەڵك وەردەگرن بۆ سازدانی پروپاگەندە، هەوڵ دەدەن ڕێگە بگرن لە تەبلیغاتی باندی بە ناو ئیسڵاح خواز.

خاتەمی و کەروبی کە ئەندامی باندی شکست خواردوی بە ناو ئیسڵاح خوازن، ڕێگەی قسەکردن یان لێ گیراوە و بە بیانووی ئەوەی کە پێش ئەوەی پاڵێوراو بوونیان بە ڕەسمی ڕاگەیێندرابێ دەستیان داوەتە پروپاگەندە بۆ خۆیان.

ڕۆژی پێنج شەممە ١٥ی ڕەشەمە کاتێك خاتەمی ویستوبوی لە ( حەرەمی شاچرا) لە شیراز قسە بکا لەلایەن ئوستانداری فارسەوە ڕێگەی لێگیراوە، هەروەها کاتێك ئاخوند کەروبی ویستوویەتی لە زانستگای بوعەلی و زانستگای گورگان لە مەشهەد قسە بکا، ڕێگەی پێ نەدراوە.

ئەو ڕێگریەی باندی دەسەڵاتدار لە بەرانبەر باندی ئیرتجاعی و دۆڕاوی بە ناو ریفۆرمخواز ئەنجامی دەدا.بە پێچەوانە ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ڕژیم کە یەکێك لە مۆرە دیارەکانی باندی دەسەڵاتە و دەگوترێ خۆی بۆ سەرۆك کۆمار دەپاڵێوێتەوە، بە ئیمکاناتی حکومەتی و لە ژێر ناوی سەفەری ئوستانی دەستی داوەتە پروپاگەندە بۆ خۆی. هەروەها خامنەیی ڕێبەری ڕژیمیش لە هەر هەلێك کەڵك وەردەگرێ بۆ تەعریف و پێداهەڵگوتن بە حکومەتی ئەحمەدی نژاد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە و چاك وایە گرینگی پێ بدرێ ئەو ڕاستیەیە کە ئەم جارە باندی ئیرتجاعی خەتی خومەینی بە ناو ریفرمخواز ناتوانن خەڵك فریوبدەن و هەل و مەرج بۆ گەیشتنیان بە سەرۆك کۆماری ئامادە دەکەن. بەتایبەت باندی خامنەیی، بە جیددی لە هەوڵ دایە ئەم دەورەیەش، ئەحمەدی نژاد بکاتەوە سەرۆك کۆمار.

جیاواز لە کێشەی باندەکانی دەسەڵات بۆ زیاتر دەست گرتنیان بە سەر پۆست و پلە حکومەتیەکان و هەروەها دروست کردنی دەنگ و هەرای تەبلیغاتی بۆ گەرم داهێنانی بە ناو هەڵبژاردن. دیارە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران هەر نەوعە هەڵبژاردنێك لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئاخوندی بە نمایشی دەسەڵاتداران بۆ فریوکاری و بۆ قازانجی خۆیان و ڕژیمەکەیان دەزانن.

خەڵکی ئێران هەشت دەورەی نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیس و نۆ دەورە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ماوەی سی ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندیدا دیوە کە لە هیچ کام لە سەرۆك کۆمارەکان و مەجلیسەکان خێریان نەدیوە و تەنیا شاهیدی گرانی، بێکاری، شکەنجە و سەرکوت و هەڕەشەی زیاتر بوون.

هەر چەند زووە لە ئێستاوە ئاکامی فریوکاری بە ناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ڕژیم دەست نیشان بکرێ، بەڵام نیشانەکان و تەجروبەکان لە سی ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندی ئەو ڕاستیە هەمیشەییە نیشان دەدەن کە ئەمجارەش ئاڵقە لە گوێیی خامنەیی و ئەو سیستمە دواکەوتوو و سەرکوتگەرە دەبێتە سەرۆك کۆمار جا ئەو ئاڵقەلە گوێیە، بە ناو ریفۆرمخوازی ئیرتجاعی بێ، یان باندی غاڵب و سەرکوتگەرکە بێجگە لە بەڕێوەبردنی دەستوراتی خامنەیی و جێ بە جێ کردنی قانوونی بە ناو ئەساسی ڕژیم هیچی دیکەی لە دەست نایێ، کە ئەویش بریتیە لە سەرکوت و چەوسانەوەی جەماوەر و درێژەدان بە سیاسەتی پاوانخوازانە و ئاژاوەگێڕی لە وەڵاتانی جیهان و پەرەپێ دانی مەینەتی و دواکەوتوویی لە ئێراندا. دیارە خەڵکی ئێران بە هەست کردن بەو ڕاستیانەی کە لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتداری ئاخوندیدا شاهیدی بوون گوومانی تێدا نیە گرینگی بە شانۆی هەڵبژاردن نادەن و ئەو شانۆی هەڵبژاردنەش تەحریم دەکەن.

***